# خوا ور مت ددات ب س زام وستمار؛ بام رت ئوا بر نادات وت لدسنتو

له ئەبی موساوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە مۆڵەت دەدات بە کەسی زاڵم وستەمکار؛ بەڵام کە گرتی ئەوا بەری نادات وتۆڵەی لێدەسێنێتەوە». پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: «{ وَكَذَٰلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَىٰ وَهِيَ ظَالِمَةٌ □ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ } }[هود: 102] واتە: {ئا بەو شێوەیە سزادانی پەروەردگارت کاتێک خەڵکی شارەکان سزا دەدات لە کاتێکدا ستەمکاربوون بەڕاستی تۆڵەسەندنی ئەو ئازاردەر وبەتینە}».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هۆشداری دەدات سەبارەت بە زێدەڕۆیی کردن لە ستەم کردن بە تاوان وشیرک وستەمکردن لە خەڵکی بە پێشێل کردنی مافەکانیان، خوای گەورە مۆڵەت دەدات بە کەسی ستەمکار وسزای دوادەخات وتەمەنی درێژ دەکات وسامانی پێدەدات ودەستبەجێ سزای نادات؛ ئەگەر تەوبە نەکات ئەوا دەیگرێت وبەری نادات وتۆڵەی لێدەسێنێتەوە لەسەر ئەو ستەمە زۆرانەی کردوویەتی. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {وَكَذَٰلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَىٰ وَهِيَ ظَالِمَةٌ □ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ} [هود: 102] واتە: {ئا بەو شێوەیە سزادانی پەروەردگارت کاتێک خەڵکی شارەکان سزا دەدات لە کاتێکدا ستەمکاربوون بەڕاستی تۆڵەسەندنی ئەو ئازاردەر وبەتینە}.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5811

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee